کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-5-2007 16:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# مەسەلەی ئێزیدیەکان و.. پلانێک بۆ لەناوبرنی ئینتمای نەتەوەیی.. ! تەنیا کوردی

گومان لەوەدا نییە هەرکاتێك کورد دەلیڤەیەکی پێشوەچوونی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ ڕەخسابێت ناحەزانی هەڵساون بە پلان کێشانی نێوخۆیی بۆ ناشیرین کردن و هەرەس پێهینانی نەشونمای ئەو قەوارەیەی کەئایدیا جوانەکانی کوردی لێ وێنابووە. ڕووداوەکەی ئەمجارەی ئێزیدیەکان و چەندین قسەو قسەلۆکی بۆ هەڵبەستراو.. کە گوایە کچێکی ئێزیدی بەهۆی موسوڵمان بوونییەوە، کێشەیەکی ئایینی یەو قبوڵی ناکەن و دەیکوژن، لە تۆڵەی ئەم کردارەش و لەبەرانبەردا موسوڵمانەکان چەند ئێزیدیەکیان کوشتووە، بەڵێ ڕاستە چەندین ئێزیدی دەکوژرێن.. !! بەڵام تۆ بڵێی کوشتنی ئەوان بەڕاستی وەکو ئەوەی ئیدعای بۆ دەکەن وابێت؟! مەبەستیان لەم تۆڵە سەندنەوەیە سیاسەت و لەبەینبردنی یەك ریزی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاو پێکهاتەکانی دیکەی نێو ئەم تایبەتمەندێتییەی کە لەسنوری هەرێمی کوردستاندا هەیە، نەبێت.. !!! ئەمە گریمانەیەو پێویستی بەهەڵوەستە لەسەر کردنە.. بۆیە من پێم وایە گەورەکردنی جۆرێك لەم ڕوداوە، جگە لەپلانێکی ئاژاوەگێڕی و دەست لە پشتدانی ناحەزانەوە، بەپاساوی ئایین. !هیچ شتێکی تری لی ناخوێندرێتەوە. لەڕاستیدا ناکری ڕۆڵی ئێزیدیەکان فەرامۆش بکری.، لەکاتی پڕۆسەی ئازادی عێراق لەسەر سندوقی دەنگدان بۆ لیستی کورد کە نەتەوەی خۆیانە چەندە بەپەرۆشەوە بوون.. !!چونکە دەبی باش بزانری کە ئێزیدیەکان کوردی ڕەسەنن و تاکە کولتورێکی ڕۆژهەڵاتی ناوین تاکو ئەمڕۆی لەگەڵدا بێت بەجیاوازی ئایینی و فرەئایینی توانیبێتی یەك فۆڕمی نەتەوەیی خۆی بپارێزی کورد بوو.. !نواندنی ئەم جۆرە فەرهەنگەش وای کردووە کورد، پێگەی خۆی لە عێراقی فیدڕاڵدا بەهێزبکات. هەرچۆنێك ڕژێمی بەعس بۆلەناوبردنی کورد پەنای بردە بەرکیمیاباران و ئەنفال و خاپورکردن و قڕکردنی گۆڕی بەکۆمەڵ بەهەمان شێوەش ئێزیدیەکان بەشێك بوون لەو جۆرە قوربانیانە کەبە چەندین شێوەی تەعریب و ڕاگواستن و قڕکردن لەناو دەبران.. ! لەلایەکی دیکەوە هەروەك چۆن عیراق بەهۆی شەڕی مەزهەبەوە گیری خواردووە... بەهەمان شێوەش پلان بۆ دروستکردنی ئەم جۆرە ڕووداوانە لەناو میللەتی کورد بێتەئاراوە، کەبێگومان خۆشکردنی بارگرژی نێوان ئایینەکان، زەنگی دەسپێکی شەڕێکی نێوخۆییە.. !!کەناحەزانی ئەزموونەکە دەیانەوێت شەڕێکی لەچەشنی شیعەو سوننە بۆ کورد بەرپابکەن. بۆیە بەدیقەت نەبوون لەمەسەلەیەکی وا هەستیاردا و ئەم تێکەڵکردنەی بەپیکی عەرەب لێدانە خوێندنەوەیەکی هەڵەیە. چونکە موسوڵمانێگی کورد و ئێزیدییەکی کورد بەدرێژایی مێژوو لەهیچ ململانێیەکی ئایینی ئەوتۆ نەبوونە.. کەچی کولتوری عەرەب بەشیعەو سوننە بۆ هەمیشە پێکەوە هەڵیان نەکردووە.

بۆیە من پێم وایە تاکی کورد ئەوەندە ناهۆشیار نییە کەنەزانێت دروستکردنی ئەم سیناریۆیە لەکوێوە ئاڕاستە دەکرێت... ! ئەم جارەیان دەیانەوێت بۆ لەناوبردنی کولتوری کورد، لە ڕێگەی ئایین، زەفەر بەکورد ببرێت و بیکەن بەئامانجی گڵاویان.. ! هەڵبەت زۆر جار رویداوە کچێکی موسوڵمانی کورد، تەنانەت لەسەر خۆشەویستی کوژراوە! بەڵام هیچ کاتێك ئەم وێنەیە تێکەڵ بە سیاسەت نەکراوە و نەخوازراوە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی، بەسیاسی بکرێت! تەنانەت مەلایێك نەهاتووە لەمینبەری مزگەوتەوە ئەم مەسەلەیە بوروژێنێت.. بەهەمان شێوەش ئەگەر کوشتنی کچێکی ئێزیدی بەهۆی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

موسوڵمان بوونییەوە بێت، ئەمە قابیلی ئەوە نییە بخرێتە چوارچێوەیەکی سیاسییەوە.. چونکە کێشەیەکی نێوخۆییە.

ئێزیدیەکی کورد و موسوڵمانێکی کورد پێیان دەگوترێت کورد، بەڵام گەورەکردنی رووداوەکە و پلان گێران بەفیتی هەلایەك بێت دەچێتە ئەو خانەیەی کەناحەزان بۆ پەلکێشکردنی کورد و تێوەگلاندنی شەرێکی نێوخۆیی لەبۆسەدان.. چونکە مەبەستی سەرەکی ناحەزانی دیموکراتیەت و مرۆڤایەتی هەمان ئەو پرۆسەیە کە شۆڤێنیەکان بەدرێژایی مێژوو عەرەباندنی کوردی پێڕەوی لێکردووە، ئەمەی ئێستاش عەرەباندنی ئێزیدیەکانەو، شتێکی دیکە وجودی نییە!!دەنا مەحاڵە لەسایەی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، ئەمڕۆ تاکی کورد ئەوەندە ناهۆشیار بێت هەست بەلەبارچوونی شیرازەی کۆمەڵگەی خۆی نەکات. چونکە کورد لە موسڵ، هەولێر، ئێزیدی بێت یان موسوڵمان لای عەرەبێك هەر کوردە!!! بۆیە دەکرێت وشیار بین و تێگەیشتنمان لەو پلانانەی دەگێڕدرێن کە بۆ هەرەسی ئێتیمای نەتەوەیی کورد خەتەرناکترینە، فریو نەخۆین. جا ئەگەر پلانی ئەمجارەی ناحەزان چەکێکی مۆدێرن بێت بەرانبەر کورد، لەهەمانکاتدا ئاستی هۆشیاری تاکی کورد دەبێ لەوە نوێگەرانە تر توانستی بەرەنگاربوونەوەی نیشان بدات، لەپێناو شکست پێهێنانی ئەم هەوڵە شەیتانییە سەلەفەی تینوی سڕینەوەی سەروەریەکانمانە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.